# هەستێک، نەرم وەک ڕوحی لۆکە

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

بۆ هەر کەرەستە و پێداویستییەکی ژیان، کارناسانی ئەو بوارە، کۆمەڵێک مەرج و ڕێسایان داناوە، ئەو مەرج و ڕێسایانە، بوونەتە سەنگی مەحەک و لە شوێنە جۆراو جۆرەکاندا، پسپۆڕانی ئەو بوارانە وەک پێوانە کەڵکیان لێوەردەگرن و ئەوانەی پێ دەخەمڵێنن. ئەم کەرەستە و پێداویستیانە، لەهەر بوارێکی کۆمەڵایەتی و زانستیدا بێ و لە کوێدا کەڵکیان لێوەر بگیرێ جیاوازییان نییە، خوڵقێنەران و مامۆستایانی ئەو بوارە، هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ، هەتا کار و کەرەستە و داهێنانەکانی خۆیان تا ئەو جێیەی بۆیان دەلوێ، لەو پێوانە نزیک بکەنەوە و کێش و نرخی کارەکانیان پێ بەرنە سەرێ.

زەمەنێکی درێژە، نووسین بەشێکی گرینگی ژیانی مرۆڤەکانی داگیرکردووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی، بەرە بەرە چۆڕاوگەی زانست بتاوێتەوە و بتکێتە دەروونی مرۆڤەکان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، شیکاری و شێو و وەرد بکرێ و توێژەکان لابدرێن و بەهرەکان دەرکەون و چراکان هەڵبکرێن و ڕاستییەکان دەرکەون و مرۆڤەکان لە هەواری حەسانەوە نزیک ببنەوە.

داهێنان و جوانکاری لە نووسیندا هەمیشە باسێکی گەرمی کۆڕ و کۆبوونەوە هونەری و ئەدەبییەکان بووە و زۆری سەرنج دراوەتێ و نووسەران و هۆنەران، زۆریان بایەخ پێ داوە و خۆیان پێوە ماندوو کردووە و ڕێگا و ڕچەی تازەیان دیوەتەوە و شکاندووە و جوانی و ناحەزییەکانی ژیانیان پێ زەق کردووەتەوە و تاڵی و شیرینییەکانیان بە مرۆڤەکان ناساندووە.

شیعر، وەک ژانرێکی گرینگ لە دنیای ئەدەبدا زۆری بایەخ پێ دراوە و خاوەنی گەلێک تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشە و لە لایەن ڕەخنەگران و پسپۆڕانی ئەو



**قاسم تاباک**

بوارەوە، زۆر تایبەتمەندی بۆ دیاری کراوە و هەر شاعیرێک هەوڵ دەدا بە پێی توانایی و چێژی خۆی، بۆ دەوڵەمەندکردن و نزیک کردنەوەی نووسینەکەی خۆی لە ستاندارد، ئەو تایبەتمەندییانە ڕەچاو بکات و جوانکاری نوێ بێنێتە ئاراوە و خۆی و نووسراوەکانی لەوانی پێشووی خۆی جیابکاتەوەو کێشی کارەکانی پێ قورستر کات.

مێژووی نووسینی شیعر پڕە لە ڕوانگە و شێواز و هەر یەکیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و بە شێوەیەک پێوەندی لەگەڵ ڕوحی مرۆڤ دەگرن و خاوەن تەکنیک و جوانی خۆیانن و هەموویان بۆ ڕوحی ماندوو و ئاڵۆزی مرۆڤ لانکەیەک بوون و بۆ حەسانەوەی، ڕۆچنەیەک بوون بۆ ڕوانین لە جوانییەکانی ژیان و دەربیجەیەک بوون بۆ هاتنە ژوورەوەی هەناسەی تازە بۆ نێو دەمارەکانی ژیان و خوناوکەی جوانییان پرژاندووە و هەناسەی ئاسوودەییان کردووە بە دەماری ژیاندا.

ئەگەر شاعیرێک ویستە دەروونییەکانی خۆی لە توێی ڕەمز و ڕاز و خوازەو تەمسیلەکاندا حەشار دابێ و بەو شێوەیە هەستی دەروونی خۆی دەربڕیبێ و باڵای شیعرەکانی بە گەوهەری ڕەمز نەخشاندبێ، ئەوە کەسێکی دیکە ویستوویەتی بە زمانی دڵ هەستی دەروونی خۆی دەربڕێ و بە زمانێکی هەنگوینی هاتووەتە ئاخافتن و دوور لە ڕەمز و ڕازی شیعری دواوە، وەنەبێ ئەو کەسانەی زمانی ساکاریان بۆ شیعرەکانیان هەڵبژاردووە، بەرهەمەکانیان بێ نێوەڕۆک و قەڵپ بن و نەیانتوانیبێ لە دنیای ئەدەبدا شوێنێک بۆ خۆیان ڕێزێرڤ بکەن. زۆربەی ئەو شاعیرانە، زۆر زوو کارەکانیان ئاژینی ڕوحی گەل بووە و بوونەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران و چوونەتە دەروونی کۆمەڵگاوە و بوون و شوێنە بەرزەکانی دنیای ئەدەبیان گرتووەتەوە.

قاسم تاباک لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، هەوڵی داوە لایەنی هونەری و جوانکاری شیعر، بە جوانی ڕەچاو کات و چێژ و جوانی و مانا و ڕەوانبێژی، بێنێتە نێو دنیای شیعرەکانییەوە، ئەو سەرنجی داوەتە شێوەیەک لە نووسینی کورتیلە شیعر کە تا ئێستاش لە ئەدەبی کوردیدا کەم کەس - ئەویش بە شێوەیەکی پەڕەوازە - دەستیان بۆ بردووە، کۆمەڵێک کاری نوێی خوڵقاندووە کە سەرنجەکانیان بەرەو لای خۆیان وەرسووڕاندووە، بایەخ و وزەی ئەم کورتیلە شیعرانە لەوەدایە کە لە چەند وشەیەکی کەمدا، باسێکی جێی سەرنج دەخەنە ڕۆژەڤی بیرکردنەوەی خوێنەرەوە، هەر کاتێک چاو لە بەرهەمەکانی دەکەیت و دەیانخوێنییەوە، جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ دەنگەکانی دیکەدا تێدا بەدی دەکرێت، کورتیلە شیعرەکانی کە هەموویان لە چەند وشەیەکی کەم پێکدێن و کەمیان لە دە وشە تێپەڕ دەبن، پڕن لە مانا و پەیامی جوان و زۆر زوو، وەک پەپوولەیەکی ڕوح سووک و نەرمونیان، لەسەر پەردەی دڵ دەنیشنەوە و بەزمانێکی ساکار و شیرین، کۆرپەی ڕوح دەلاوێننەوە و کووزوی دەروون پڕ دەکەن لە شەرابی شادی و شەپۆلی مەستی ئاوێتەی لەش دەکەن. گرینگترین تایبەتمەندی ئەو کورتیلە شیعرانە لەوەدایە کە بە زمانێکی شاعیرانە و دوور لە دروشم پەیامەکانی دەگەیەنێ، ئەگەر ویستەکەی ئەویندارى بێ، دەست ناکات بە زمانلووسی و پاڕانەوە، ئەگەر مەبەستێکی کۆمەڵایەتی بێ، زمانی ئامۆژگاری و مەلایانە ڕەچاو ناکات، کاتێکیش باس لە ئازادی ژیان بکات، هەر بەو زمانە نەرمەی شیعر، هەڵوێستەکەی دەردەبڕێ و لە هێڵی شیعر لانادات، ئەم زمانە شیعرییە ڕوونە وەک ئاوی کانی و نەرمە وەک ڕوحی لۆکە.

١- ئەویندارى
خۆزگە
من بم و
تۆبی و
هۆدەیەکی چۆڵ
چ خۆشە شەیتانیش
فریومان دا.
*
لە فرۆکەوانی شەڕ دەچی
قەت
کوشتەی خۆی نابینێ.
*
پێم کوتبووی
سەرم لە پێناوت،
دیتت
دروشم نەبوو؟
*
نە چەقۆ بێنە
نە فیشەک
بە نیگایەکی سارد کوژراوم.

٢- کۆمەڵایەتی
منداڵەکان خەریکی
کۆکردنەوەی قاپۆرەکانی شەڕن
دایکم ژنێکی دنیادیدەیە دەڵێ:
مەرگ هەبێ ژیان بەردەوامە.
*
بۆ کوێ دەڕۆی
بۆ ئەوانەی لە دایکیش نەبوون
دنیا فیشەکی پێیە
*
لە جادەدا
نووسراوەی
پشتی ماشێنەکان
غەریبترت
دەکەن.
*
خوێن
ماندووی کردووم لە دیتن
کوفر نەبێ
خوایە
قیبلەکەم بگۆڕە

٣- نیشتمانی
کە " با "
زوڵفەکانی دایکم دەشێوێنێ
سپیترین

ئاڵای جیهان
دەشەکێتەوە
*
مۆمیایی کەن
دیکتاتۆرەکان
نەکا مێشکیان
لەم خاکەدا
بروێتەوە
*
گەمارۆیان دام
ئاخرین فیشەک
لەبن گڵ
دەشارمەوە
ساویلکەنیم
ئیمانم
بەڕوانەوەیە
*
سوورەی ئەنفال
گەورەترین
قەبرستانی
جیهانە
*
چ قورسە
لە ئاوارەبووندا
نیشتمانیش
لە کۆڵ نێی
*
تۆ

**باوەڕ**
**هەڵدەواسی**
**چ گەوجانەیە**
**ئەم قومارە**

لەم سێ پەردە شیعرییەدا زمان و دەربڕین، هەر هەمان زمانی هونەری و شاعیرانەیە و هیچ گۆڕانێکیان تێدا بەدی ناکرێ و سەرەڕای ئەوەی ڕوحی شیعرییەکان لە ئەوینداریییەوە بۆ کۆمەڵایەتی و نیشتمانی گۆڕانیان بە سەردا دێ، بەڵام شێوەی دەربڕینی شاعیر لە هێڵی هونەری و شیعری لانادا و هەر بەو زمانە لۆکەیییە پەیامەکەی دەردەبڕێت، زمانی زبر و لووس و تیژ نابێ، سەرەڕای ڕاگرتنی لەنگەری هونەری کارەکە، مانا و پەیامەکان دەگۆڕدرێن، خوێنەر لەگەڵ سێ هەستی ئەوینداری و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لە هەر سێکیاندا تێکەڵ بە ڕوحی نەرمونیانی شیعر دەبێت.

ئەم شیعرانە سەرەڕای ئەوەی بە زمانێکی ساکار نووسراون، خاوەنی چەند لۆی مانایین و خوێنەر ڕادەگرن و هەنگاوی بیر کردنەوەی پێ شل دەکەنەوە و ختووکەی بیری دەدەن و ئاوێتەی ماناکانی دەکەن، هەر یەکە، یان پەردەکەیان، بانگەوازێکن بۆ ویستەکانی دەروونی مرۆڤ و ئەو زمانە سادەیە، پڕە لەو ئاواتانەی لە هەناوی هەر مرۆڤێکدا پەنگیان خواردووەتەوە و بە دەستیانەوە دەناڵێنن، ئەو کورتیلە شیعرانە بەباڵای ئاسماندا هەڵنازنێن و بە شوێن لادانی پەردە ئەستوور و خەیاڵییەکانەوە نین و ئەوەی ئەو دەیەوێ بیڵێت، ویستی دەروونی مرۆڤەکانە و پەیام و دەغ دەغەکانی ئەو لە دەروونی مرۆڤەکانەوە هەڵدەقوڵێن و ئاوێتەی ڕوحی مرۆڤ دەبنەوە.

**نەبوونیت**
**لە مەیدانی مین دەچێ**
**بۆ هەر لایەک پەل بیزێوم**
**هەر مردنە**
*
**مەمکەکانت**
**گەورەبوون و**
**سەریزێو**
**بیانشارەوە**

**دەیانگرن.**

خوێنەر هەر بە چاو خشاندنێک بە کورتیلە شیعرەکانیدا، بۆی دەردەکەوێ تاباک بۆ نووسینی شیعرەکانی زۆر خۆی هەڵناکوشێ، بەڵکو قەڵەمەکەی وەک ئاوی ڕەوانی تاڤگەیەک، بەسەر قاقەزدا دێنی و زۆر ئاسان لە دەمی خەڵک وەریان دەگرێ و دەیانکاتە چەپکە گوڵێکی بۆنخۆش و بە نرخ و پێشکەش بە خۆیانی دەکاتەوە. شیعرەکانی زۆر زوو تێکەڵ بە هەستی خوێنەر دەبن، بیرۆکەی شیعری تاباک ئەوەندە ئاسمانی و دوورە دەست نین، مرۆڤ بۆیان بچێتە دنیای خەون و خەیاڵ و لە پشت هەور و کۆئەستێرەکانەوە بۆیان بگەڕێ و ئەوەندە ئاواتگەلی مەحاڵ نین، دیتن و هەست کردنیان ئەستەم و دژوار بێ، شیعر و مانای شیعر، لەلای ئەو وەک بۆنی گوڵ و تامی ماچ و ترپەی دڵ، بە ئاسانی هەستیان پێ دەکرێ، زۆر سادە و بێ پەردە لە فرۆکەخانەکاندا و لەبەر چاوی هەموو موسافیرەکاندا دەچێتە ژوانی دڵدارەکەی و بێ ترس لە لۆمە و تیر و توانج، ئاوێزانی دەبێ و بە شیلەی ماچ ڕوومەتەکانی سواغ دەدا و کوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ و کوانووی گڕی هەناوی دەکوژێنێتەوە و ئاگری تامەزرۆیی دادەمرکێنێت.

**ڕۆژی چەند جار**
**سەفەر کەو**
**بگەڕێوە،**
**دەڵێن:**
**لەفرۆکەخانە**
**کەس لە ماچی ئاشقان**
**ناپرسێتەوە.**
*
**نەبوونیت**
**لە مەیدانی مین دەچێ**
**بۆ هەر لایەک پەل بیزێوم**
**هەر مردنە**
*
**ئۆکسیژنی شارێک**
**دابین دەکەم**
**بەمەرجێک**
**تۆ درەختم بی**

قاسم تاباک لەو کورتیلە شیعرانەدا هەوڵی داوە، بە زمانێکی دوور لە ڕەمز و ڕازکارەکانی خۆی پێشکەش بکات و لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنگێکی دیارەو بە زمانێکی ساکار پەیامە شیعرییەکانی خۆی بەرەو ناخی خوێنەر شۆڕ دەکاتەوە، کاکڵ و مانا زۆربان سەرنج دەدرێتێ و تەوەرەی دارشتنی هەر کورتیلە شیعرێک لە سە مانا دەگەڕێ و بەلای شاعیرەوە پەیام گرینگە، پێکهاتە لەم شیعرانەدا بە سادەیی دادەڕێژرێن و بەزمانی ئاخافتن دێنەگۆ، کاتێک باس لە ئەشق دەکا، ئەوە ئەوینە و هیچی تر، کاتێک لە خوێن دەدوێ، خوێن مەبەستییەتی، هیچ وشەیەک لەم شیعرانەدا ڕاڤەی تریان بۆ ناکرێ و هەموو خاوەن کەسایەتی سەربەخۆی خۆیانن و یەک تیشە دارێژراون و دووسەر بڕ نین.

**برینەکانی جەستەت**
**دیکۆر نییە**
**خۆت وتت:**
**کە چووم**
**نیشان خوایان دەدەم**
*****
**لە باوەشت**
**شیعرێک بەجێ ماوە**
**خۆزگەم**
**بەو کوێرەی**
**بە برەیل**
**دەیخوێنێتەوە**
*****
**هێندەم خۆش دەوێی**
**هەموو کات**
**ڕات دەمووسم**
**چش لە لۆمەی عالەم**
**با هەر بڵێن:**
**وەتەن پەرەستە**

شیعر لە ڕەوتی مێژوودا بەردەوام زمان و دەنگ و ڕەنگی جیاوازی هەبووە و بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ بەردەنگەکانی خۆی، لە هەر قۆناغێکی جیاوازدا کەڵکی لە شێوەیەک لە شێوەکانی تایبەت بەو بوارە وەرگرتووە و چەق بەستوونەبووە و خۆی لێ بە پووت نەزانیوە، نەچووەتە سەر دارێکی بەرزو داوای لە بەردەنگ نەکردووە ئەوە هەر ئەوانن دەبێ خۆیان لەگەڵ ئەو ڕابێنن و دەنگ و زمانی ئەو، پەیامی زاڵە و بەردەنگ ناچارە خۆی لەگەڵ ئەو ڕابێنێت و پێملی پەیامەکانی ئەو بێت.

زۆر جار لەگەڵ خوێنەرەکەی کەوتووەتە گەمەوە، وەک هاورێیەکی زۆر خۆمانە وبێ فیز لەگەڵیدا پێوەندی گرتووە و بووەتە هاونشینی و تێکەڵ بە ڕوح و گیانی بووەو بە زمانی دڵ لەگەڵیدا کەوتووەتە ئاخافتن.

لەم چەند دەیەی ڕابوردوودا، زۆر شێوازی نووسین، وەک کالایەکی دەست کرد و هاوردە، بێ ئەوەی پێوەندییەکیان لەگەڵ کولتوور و زمان و هەستی دەروونی ئێمەی کوردەوە هەبێ، سەریان هەڵدا و بە ناوی تازەگەری و زمانی نوێ دەربڕینەوە، کە زۆربەیان لەزمان و ڕوحی جەماوەرییەوە دوور بوون و بە شێوەیەکی ئەوەندە نامۆ دەرکەوتن کە بەردەنگی شیعری کوردی نەیتوانی پێوەندییان لەگەڵ سازکات و زیاتر لە نێو لاپەڕەی گۆڤار و کتێبەکاندا مانەوە و نەیانتوانی ئاژینی نێو هزری کۆمەڵ بن، جگە لە چەند کەسێکی دەگمەن ئەویش لە بازنەیەکی زۆر چووکەدا، کەسیان لێ نەهاڵا و سەرەڕای پێکهێنانی دەیان کۆڕ و گرووپی جۆراو جۆر، گوڵیان نەکرد و لە نێو ڕوحی جەماوەردا سەوز و دووپەلە نەبوون، ئەمانە هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە شتێک با لە شوێنێکی دیکە زۆر باش و بەکەڵکیش بێ، بەڵام تۆبلێی بکرێت ئەو کالایە لێرەش پڕ بەبالابێ! با کابانێک لەولاتێکی وەک چین باشترین خۆراک بە گۆشتی سەگ و پشیلە لێ نێت، تۆ بلێی دەست پوختی ئەو کابانە لێرەش وەک ئەوێ کڕیار و خوازیاری هەبێ؟ بە دڵنیاییەوە هەر کەرەستەیەکی هاوردە، ناتوانێت لێرە بکرێ بەماڵ بە سەر خەڵکەوە و بیر و چێژی ئەم خەڵکە دەستی ناقابیلیان بە سنگەوە دەنێن و لێیان وەرناگرن، ئەوانە ماندووبوون و هەوڵەکانیان بێ وەرگر و کڕیار دەمێننەوە و لە ئاکامدا مایەپووچ دەردەچن.

ئەم شێوازەی قاسم تاباک لە شیعری کوردیدا ڕەچاوی دەکات، دەتوانێ بەردەنگە تۆراو و تەرەکانی بگێڕێتەوە سەر خوانی شیعر و ئەدەب و لایەنگران و تامەزرۆیانی ئەدەب بە یەکەوە ئاشت کاتەوە.

**سەرچاوەی شیعرەکان:** ئینتەرنێت